# لە ئەزموونەکانی لابۆری لالش-ی نەمسایی
# زەوی خۆڵەمێش و گۆرانی

**نووسینی: د. مەیمون ئەلخالدی**

لابۆری لالش بەو هەوڵە ئەزموونیانەی کە هەریەك لە هونەرمەندان "شەماڵ عومەر" و "نیگار حەسیب" سەبارەت بە "چەمکی رۆشنبیری جەستە" ئامادەیان کرد، لە ساڵی (١٩٩٨) لە ڤیەنناى پایتەختی وڵاتی نەمسا دامەزرا، دواتر بە قووڵی بایەخیان بەو تەکنیکەدا کە بە (Performetive Culture) ناو دەبرێت و بەرەو دارِشتنی پرسیارێکی نوێش چوون سەبارەت بە چۆنیەتی دواندنی جەستە لەکات و شوێندا. بۆ ناساندن دەڵێین: هەر یەك لە شەماڵ و نیگار لە هەشتاکانی سەدەی رابردوو شانۆیان لە ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی بەغدا خوێندووەو لە ساڵی ١٩٨٨یش تێیدا دەرچوون، دواتر دەبن بە هاوسەری یەکتر، بەڵام لەبەر بارودۆخی پڕ نەهامەتی و ناخۆشی لە شاری سلێمانی رادەکەن و لە وڵاتی نەمسا نیشتەجێ دەبن، لەوساوە سەرقاڵی تۆژینەوەی بەردەوامن سەبارەت بە تەکنیکەکانی نمایشکردنی شانۆیی: لەڕووی ستایل و نواندن و دیالۆگ و ئیستاتیکاوە.

ئەمانە وەك دوو ئەکتەری نەمسایی لەگەڵ دوو ئەکتەری تر کە یەکێکیان خاتوونێکی نەمساوی و ئەوی تریشیان خاتوونێکی سەنگافوری رەسەن چینی بوو، بەشدارییان لە خولی (١٦)یەمینی ڤیستیڤاڵی ئەزموونی قاهیرە کرد لە "باحە... بیت الهراوی"ی پشت مزگەوتی ئەزهەر، دەقێکیان بەناوی "زەوی خۆڵەمێش و گۆرانی" پێشکەش کرد. شایانی باسە ئەم شوێنە یەك لەماڵە کۆنەکانی میسرە کە وەزارەتی رۆشنبیری ئەم وڵاتە بۆ پێشکەشکردنی نمایشە جۆراوجۆرەکانی شانۆو مۆسیقاو کۆڕە رۆشنبیرییەکان بەکاری دەهێنێت، هەروەها سەنتەری "مالی عود"یشە کە "نەسیر شمە"ی هونەرمەندی عێراقی بەڕێوەی دەبات.

لابۆری لالش بە هەوڵی بێوچانی "شەماڵ و نیگار" لە ساڵی (٢٠٠٠)سەنتەرەکەی لە ڤیەننا جێگیر کرا، ئەم دوو هونەرمەندە بۆ بەدەستهێنانی "مەعریفەی دەنگی" بەهۆی "ئاهەنگ گێڕان" و "دەرهێنان و بەشداریکردن" و "کاری بروفماتیف"ی لە شوێن چەمکە ئاساییەکانی وەك "ئەکتەر" و "دەرهێنەر" و "نمایشی شانۆیی" کەوتنە کار.

شانۆ لە دیدی لابۆری لالشی شانۆیی بریتیە لە چالاکی داهێنانی مرۆڤ، شوێنێکیشە بۆ گۆڕانکاری، بە واتا کرداری گۆڕان لە چەند ئاستێك روودەدات، لەوانە:

١- لەکاتی چالاکی نواندن، کە هونەرمەند هەڵدەستێ بە بەرجەستە کردنی بوونەوەر و شتەکانی تر، لەبەر ئەمەش لابۆرەکە ڕووە و هەڵوەشاندنەوە و کرداری گۆڕان دەڕوات.

٢- گۆڕانکارییەکی تر بەهۆی داسەپاندنی بەڵگە هونەرییەکانی تری دەرەوەی کاری جەستەیی دێتە کایە، واتا کەسە چالاکەکە دەبێت بە بەشێك لە کرداری داهێنان هەروەك ئەوەی لە کۆنەوە تا ئێستا روودەدات.

٣- گرنگترین گۆڕانیش ئەو گۆڕانەیە کە لابۆری لالشی شانۆیی پێی گەیشت، کە کەسانی زیندوو چالاك لە بۆشاییەکان ئەنجامیانداو کارێکی توانستی بوو ئەو پەڕی وزەی مرۆڤی تێدا دەربڕا و لەناویدا لە "چۆنایەتی" بەرەو "جۆریەتی" چوو، بە واتایەکی تر گۆڕانی کەسی زیندوو بۆ تەواوی خۆی، ئالێرەوە ئەو بوونەوەرە چالاکە وەك پێچەوانە و شوێن گرەوەیەکی تەواو بۆ کردەی ئەکتەری هەڵدەستێ، چونکە هیچ بوونەوەرێك نانوێنێ و ڕێگا لە هیچ شتێکیش ناگرێت لە دەرەوەی خۆیدا. یان دەتوانین بڵێین وەك مرۆڤێکی ئامادە لەناو سات و شوێن دا واتای مرۆڤایەتی خۆی دەپێکی، ئالێرەوە کرداری "دەقی" و "کرداری نواندن" بێگەرد دەبێت.

ئەم دوو هونەرمەندە لەو بڕوایەدان مێژووی شانۆ و ئەزموونە بەدەست هاتووەکەی ناوی بەو بڕوایەی گەیاندووە کە دەکرێت شانۆ دەستبەرداری هەموو شتێك بێت بۆ بەجێگەیاندنی کردەی شانۆیی، جگە لە جەستە نەبێت، دەشپرسین بۆچی؟

لە وەلامدا دەڵێن "چونکە ئەم جەستەیە بریتییە لە مرۆڤەکە"، لەبەر ئەوەشە دەڵێن: "لە لابۆرەکەمان ئەو ئەزموونە بەدەست هاتووە کە بە (دەستەواژەی جەستەیی) ناوی دەبەین، کە ئەمەش لە روخسارو شێوە جۆراوجۆرەکانی، بەتایبەتی لەو ماوانەی دواییدا بۆ بەیەك لە سەرچاوە گرنگەکانی ئەندامی مرۆڤ، کە ئەویش دەنگە". ئەوان لەمەدا وەها دەبینن جولە تەنیا هەڵگر نییە لە مێژوی کەسێکدا، یاخود تاکە دەبڕی کارەکانی مرۆڤ نییە، هەروەك شانۆی ئەمرۆ وەها دەبینێ کە پاڵنەرێکە بۆ کاری جەستەیی. دەنگ لەلای ئەوان بەو واتایە نایەت کە لە تەکنیکە جۆراوجۆرەکانی ناو شانۆی دیالۆگی و کلێسەیی و شانۆیی مۆسیقایی و تەنانەت لای ئەزموونی شانۆی نوێش بەکاردەهێنرێت کە تێیدا دەنگ بەرزکەرو تەکنیکە نوێیەکانی تر دەخرێنە گەڕ، بەڵکو دەنگ و تەنانەت گۆرانیش لە لابۆری لالش واتایەکی تری هەیە، نە بڕوای بە قووڵبوونەوەی کردەی درامی هەیە و نە بەرەو مۆنتاژی دیمەنیش یاخود بەرەو نامۆبوون دەچێت، بەڵکو لابۆرەکە هەوڵ دەدات هەموو ئەو بەکاربەرانە و شێوە کۆن و نوێیەکان ببرێت.

ئەوان دەچنە ناو سەر چڵیەکی نوێی دەنگەکە پێی دەڵێن: "دەنگ سەرچاوەمانە" کە بەسەرچاوە و پاڵنەر و بەگەڕ خەری جەستەیی دادەنێن. راستە گفتوگۆی فیزیکی ریتم و باس دێنێتە کایە.




بەلام گۆرانی لەلای ئەوان تەنیا هەر گۆرانی نییە، بەڵكو بۆتە شتێكی "بینراو"، هەروەها گۆرانی لەلای ئەوان تەنیا راڤەو شیكردنەوەی قسە نییە، بەڵكو خودی قسەو باسەكەشە، ئەمە و تەنیا سرووت دروست ناكات، بەڵكو خودی سرووتەكەشە، كەواتە "دەنگ سەرچاوەیەكە" لەلای ئەوان و هەوڵێكی تریشە بۆ توێژینەوەی جەستەیی. دامەزرێنەرانی لابۆری لالش "شەماڵ و نیگار" دەڵێن: "ئێمە بەهۆی ئەم رێگایە هەوڵی گەیشتن بە نهێنییەكانی ئەو مارە پێچاوپێچە نیمچە نەرمەی ناخمان دەدەین، واتا لە قووڵایی جەستەمان، كە ئەو بجوڵێت ئێمەش دەجوڵێین، گەر هەناسە هەڵمژێت، ئێمەش هەناسە دەدەین، گەر چاوەكانیشی هەڵهێنێ، ئێمەش دەتوانین بۆ هەموو ئاراستەیەك بڕوانین، گەر لێوەكانیشی لێك كردەوە، لە ئازارەكان و پەرۆشیمان ئارام دەگرین، هەروەها ئەو وەك وێنەیەكی زیندوو وایە بۆ هێزی ژیان"

شەماڵ بەمجۆرە كۆتایی بە قسەكانی دەهێنێ: "من باس لەدەنگ دەكەم وەك ئەوەی باس لە هەموو شتێكی زیندوو بكەم، بەڵێ ئەو بوونەوەرێكی زیندووە، ئەو منم، ئەو ئێمەیە، پرسیاری سەرەكیش ئەوەیە: ئایا دەتوانین بەم رێگایە زمانی بەیەك گەیاندن بێنینە ئارا؟ لە وەلامدا دەڵێت"ئەوەی پێشكەشی دەكەین تەنیا نمایشێكی شانۆیی نییە بە مانا سادەكەی شانۆ، بەڵكو ناوی دەنێین "بەیەك گەیشتنی برفورماتیكی، كە ئەمەش دوا ئاست و تەواوكراوی ئەو رووداوە نییە، بەڵكو ئامراز گەلێكە بۆ توێژینەوەی بەردەوامی ئەزموونكاری"

ئالێرەوە دەچمە ناو گفتوگۆ كردنی ئەو نمایشە كە پرسیاری زۆری سەبارەت بە دیاردەی شانۆگەری دوای نوێخوازی وروژاند، ئەوەی راستی بێت بەشداری لەو دەمەتەقێیەش كرد كە سەبارەت بە چەمكە سەرەكییەكانە و ڤیستیڤاڵی قاهیرەی شانۆی ئەزموونگەریش بەناوەرۆكەكەی "شانۆی نوێخوازی و پاش نوێخوازی" لەسەری وەستاوە. ئەم نمایشە ناوچەیەكی نوێی بەجێگەیاندنی تێدا چڕ بۆتەوە، كە جاروبار لە بەرامبەر رزگار بوونی لەو زاراوانەی كە بەم رۆژگارەمان لكاون بە

چەمکەکانی نوێخوازی بەرجەستە بوونی زەحمەتە، جاروبار سادەو ساکاریشە. کەواتە **ئێمە لەبەردەم بونیاتێکی وەهاین کە بنەماکەی لە شلەژانی ئیستاتیکا وەرگیرا بێت، ڕوانینی کارگێڕانی شانۆیی لەسەرتاسەری جیهان بۆخۆی راکێشاوە، ئەویش ئەو توێژینەوەیە کە بە دوای ستایلێکی نوێ و دۆزینەوەی شوێنی نوێ دەگەڕێت و پشت بە هەڵچوونی وزە دەربڕین خوازییەکانی مرۆڤ دەبەستێ و لەسەر لۆژیکیش وەستاوە کە پێچەوانەی ئەو لۆژیکە بلاوە ناسراوەبێت کە بەرگریکردنی ئیستاتیکیای شانۆیی دەکات لە ئەنجامی ئەو ڕووبەڕوو بوونەوە سەختەی کە هۆکارە نوێیەکانی راگەیاندن بەسەریدا سەپاندووە،** هەر ئەمەشە داکۆکی لەنهێنی مانەوەی شانۆ بەگشی دەکات لەو سەردەمەی کە سەردەمی تەکنەلۆژیا و شۆڕشی راگەیاندنە. من کە بۆخۆم سەیری نمایشکردنی لابۆری لالشم کرد، بەو ستایلە نوێیە تەواو سەرسام بووم کە تەنیا لەسەر بنەمای دەنگی وەستابوو. لەناویدا نەغمەی جۆراوجۆر دەبیسترا کە بۆ کۆمەڵگا و ئەنتۆلۆژیای جیاجیا دەگەڕانەوە، بەبێ ئەوەی پێشتریش بەیەکەوە لکابن "لەڕووی دەقەوە"، وەها روون و ئاشکراش بوون وەك ئەوەی تێکەلاوی یەکتر ببن، هەندێك جاریش بۆ تەواوکردنی گۆرانییەکە، یاخود لەبەر نەغمە و ئاوازەکە پێدەچوو لەخۆوە بگوترێت. بەم هۆیەش هونەری داڕشتنی دەنگی و دەربڕینی مەبەستەکان لە توانستی گۆڕینی نەغمەیەك بۆ نەغمەیەکی تر بەدیار دەکەوێت لەناو گونجانی دەنگی جۆراوجۆر هەر لەبەرایی و دڕندەییەوە بگرە تا دەگەیت بە فۆلکلۆر و کولتووری جیاجیاکان، کە لە سەرەتادا وەها بەدیار دەکەوێت لە چوارچێوەیەکی ئۆپێرایی دابێت.پەیامی دەنگی مرۆڤایەتیش لەسەرتاوە لەسەر دوو هێما وەستاوە کە زمانی و نازمانییە، هێما زمانییەکە بریتییە لەو نیشانانەی زمانی کە لە مادە ئەدەبیەکە پێکدێت. هەرچی نازمانییەکەشە، بریتییە لە نەغمە و وەستان و بێدەنگی و پرتەو بۆڵە و هەموو ئەو دەنگانەی تر کە مانا بەخشن.

بە شێوەیەکی گشتی میتۆدی نوێ بانگەوازی وەبەرهێنانی چالاکی هێما نازمانییەکان دەکا کە لەگەلیدا دەبێت بە فراوانبوونی توانستی بیرکردنەوەی پێشکەشکار و هاتنە ئارای داهاتوویەکی چالاك تر، لابۆری لالش بە وردی کار لەسەر ئەمە دەکات، کاتێك کە سەر بەناوچەیەکی نوێش دادەگرن، هەندێك لە بینەران وەها هەست دەکەن کەوا نامۆن، بەلام ئەم ستافە زیاتر پەیوەندییان بە لە نوێ داڕشتنەوەی دیمەنی شانۆیی لەسەر بنەمای توێژینەوەی هەیە. جۆراوجۆری دەنگەکانیشیان بە هێماکانی تری ناو ئاسمانی ئەو نمایشە پەیوەستە کە لەو ماڵە کۆنە پێشکەش کرا، لەگەڵ ئەوەی ناوچەکە دووربوو لە هەموو کالایەك.

نمایشکردنەکە لەکاتی چوونە ژوورەوەی بینەران دەستی پێکرد، کاتێك کە ستافی کارەکە هەر وەك ئەوەی لە ئاهەنگێکی میوانداری دابن شوێنی دانیشتنیان پێشانی میوانەکان دەدا، بەمەش گیانی بەشداریکردن و رەتکردنەوەی بەربەستە سروشتییەکانی نێوان خۆیان و ئامادەبووان سەلماند. لە دوای دانیشتنی بینەرانیش، هەر یەك لە "شەماڵ و نیگار" لە شوێنی خۆیاندا نەغمە دەنگی نادیاریان لێوەدەهات و بە جەستەش سەمایان دەکرد، بەمەش سەلماندیان کە ئاهەنگ دەگێڕن نەك نواندن. هەر کە ئامادەبووانیش بە تەواوی جێگیر بوون، ئاهەنگسازەکان (ئەکتەرەکان) کە "نیگار حەسیب" و "گابریل بلو نور" نەمسایی و "یاب سان سان" سەنگافورە بوون، لە شوێنی خۆیان رەش پۆشانە بە شێوەی "شەش پالۆ" دابەش بوون، "شەماڵ عومەر"یش وەك دەرهێنەر بەشداربوو. پاش بێدەنگییەکی کورت دیمەنی یەکەم دەستی پێکرد، سێ کچەکە عەبای رەشیان وەك ئافرەتانی عێراقی بەسەر خۆیاندا داو بەیەکەوە لەسەر لێیان هەلهەلەی عێراقیانە لێدرا. لەنێوان پەیوەندی شادی و دڵتەنگیشی رایەڵی مرۆڤایەتی تارمایی خۆی بەسەر گۆڕەپانی نمایش کردنەکە داگرت، ئەو کاتەی کە "شەماڵ عومەر" دنەی ئەکتەرەکانی دا بۆ چوونە ناو توێژینەوە دەنگییەکەی ئەو کە بەهۆی بونیاتی دەنگی و نەغمەیی، لەش و لاریان دەکەوتە جوڵە

**وەرگێڕان و ئامادەکردنی: ئاکۆ عەبدوللا**



# ئاڵوگۆڕی میتۆدی لە نێوان لابۆری شانۆی لالش و سەنتەری کارکردنی گرۆتۆڤسکی دا

لابۆری شانۆی لالش/ نێوەندی توێژینەوەی شانۆ و پێرفۆرمانسی کلتوریی کە تاقیگەی ئەزموونکاریی هەردوو هونەرمەند شەماڵ عمر و نیگار حەسیب قەرەداغی یە لە ڤییەنا، توانیویەتی لە تەک گروپە ئینتەرناسیۆنالی یەکەیدا هەنگاوی فراوان و لەبەر چاو لە بواری ئەزموون و دەرکەوتە گرنگەکانی ئەمڕۆی شانۆی جیهانی دا بنێت و ببێتە مایەی سەرنج و توێژینەوەی توێژکارانی شانۆ و ئێتنۆلۆگی و پراکتیکارانی هونەر.

لە ساڵی ٢٠٠٠ وە میتۆدی پراکتیکی و توێژینەوەی لابۆری شانۆی لالش بووەتە بەشێک لە پرۆگرامی خوێندنی زانکۆی ڤییەنا/ بەشی زانستی شانۆ، لەلایەن (پرۆفیسۆر کلێمێنس شتێپینا) وە. جگە لەمەش لەم دواییەدا پرۆژەی لابۆری شانۆی لالش شوێنی تایبەتی خۆی لە چەندەها گۆڤار و کتێبی نەمساویدا بەدەستهێناوە.

سەرەڕای ئاڵوگۆڕ و دیالۆگی هونەریی و زانستی لە تەک بیرکارانی شانۆ و ئەنترۆپۆلۆژی، لە بواری (دیالۆگی ئینتەرکلتورالیزمی سالانەیی لابۆری شانۆی لالش) وە، ئەوا یەکێک لە دەستکەوتە جیهانییەکانی ئەم دوایی یەی لابۆری شانۆی لالش بریتی بوو لە ئاڵوگۆڕی میتۆدی و پراکتیکی لەتەک سەنتەری کارکردنی گروتۆڤسکی دا Workcenter of Jerzy Grotowski and Thomas Richard کە لە ساڵی ١٩٨٥ وە لە ئیتالیا لە دەرکەوتەیەکی تری شانۆیی دا کەردەکەن. لە دوای مردنی گرۆتۆڤسکی لە ساڵی ١٩٩٩ دا، تۆماس ڕیچارد ئەم سەنتەرە بەڕێوە دەبات، کە لەساڵی ١٩٨٥ وە بەردەوام لەتەک گرۆتۆڤسکی دا کاری کردووە. ئێستا تۆماس ڕیچارد و ئەکتەرەکانی کار بۆ ئەوە دەکەن کە دەستکەوت و دەرئەنجامی توێژینەوەکانی ئەم دوایی یەی گرۆتۆڤسکی بە جیهان بگەیەنن. لە کۆتایی



مانگی شەشی ئەمساڵدا ٢٠٠٣ لە ڤییەنا یەکەمین کۆنفرانسی نێونەتەوەیی لەسەر کاری لابۆرەکەی ئەم دواییە یەی گرۆتۆڤسکی بەسترا، کە بیرکاران و پراکتیکارانی شانۆ لە زۆربەی وولاتانی جیهانەوە تیایدا بەشداربوون.
هەر لەم بوارەشدا پرۆژەی ئاڵوگۆڕی پراکتیکی و میتۆدی بە ئەنجام درا. ئەم ئاڵوگۆڕە میتۆدیی یە سێ رۆژی خایاند، کە تیایدا لابۆری شانۆی لالش و سەنتەری کارکردنی گرۆتۆڤسکی/ئیتالیا میتۆدەکانی خۆیان پراکتیزە کرد و پاشانیش گفتوگۆ ودیالۆگێکی بەرفراوان بەئەنجام گەیشت.
شایانی باسە لابۆری شانۆی لالش یەکێک بوو لەو سێ گروپە شانۆیی یە هەڵبژێردراوە لە نەمسا، کە خاوەنی میتۆدی تایبەتی خۆیەتی و بەوپەڕی سەرکەوتوویی یەوە میتۆدە پراکتیکی یەکانی خۆی لە شێوەی پرفۆرمانسێکدا پراکتیزە کرد و بووە جێی سەرنج و سەرسووڕمانی کارگێڕانی سەنتەرەکی گرۆتۆڤسکی.
**تۆماس ڕیچارد ووتی: ( شێوازی بەکارهێنانی دەنگ و جەستە، میتۆدی کارکردنتان و ڕادەی بەرزی پرۆفیسیۆنالیتان تووشی سەرسووڕمانی کردم). هەروەها ماریۆ بیاجینی، کە ئەکتەر و کارگێڕێکی گرنگی سەنتەری کارکردنی گرۆتۆڤسکی یە و یاریدەدەری تۆماس ڕیچاردە ووتی: ( کاری شانۆیی ئۆدینی" یۆجینۆ بەربا" م دیوە، بەلام هێندەی ئەم ئەزموونەی ئێوە کاری تێنەکردووم).**

شەماڵ و نیگار دەڵێن: ( ئەمە ئەو ئاستە هونەریی یەیە کە دەبوایە پێی بگەین. ئەمە دەرئەنجامێکی لۆژیکی ئەو ئەزموون و بیرکردنەوە و خەونانەمانە کە لە کوردستان لە دایک بوون و لە ئەوروپا گەورەمان کردن. ئەم ئاڵوگۆڕە دەرگایەکی تری جیهانی بۆ کردینەوە).
هەروەها هەمان سەنتەری کارکردنی گرۆتۆڤسکی لە مانگی چواری ٢٠٠٤ دا هونەرمەند شەماڵ عمریان میوانداری کرد لە شاری نۆڤیسادی وولاتی سێربیادا بۆ ئاڵوگۆڕێکی تری میتۆدی، کە لەماوەی دوو هەفتەدا نزیکەی چل هونەرمەند و بیرکاری شانۆیی لە زۆربەی وولاتانی جیهانەوە بەشدار بوون، کە ڕۆژانە تا ماوەی ١٠ کاتژمێر کاری چڕ و سەخت بەئەنجام دەگەیشت.
شەماڵ دەڵێت: لەسەر قەلایەکی بەرز کە دەیڕوانی بەسەر ئەو شارە جوانەدا، لە پشتمانەوە بە ڕێژەی چەندەها کیلۆمەتر شوێنەوار و تونێلی سەربازی عوسمانیەکان بوو، لەبەردەمیشماندا ئەو ڕووبارە بوو کە تا ئێستاش پردە سەربازیەکانی جەنگی ناتۆ و سێربییای بەسەرەوەیە، لە نێو مۆزەخانەیەکی دێرینەدا کە لە ئەنجامی جەنگدا چۆڵ کراوە، ئا لەویادا ڕۆژانە هەستمان بە نزیکی ڕۆحی گرۆتۆڤسکی دەکرد، ڕۆحێک کە ماندووبوون ناناسێت، ڕۆحێک کە بەردەوام کار بۆ تێپەڕاندنی ڕێگرەکان دەکات، مرۆڤیش هەمیشە تیایدا چەقی هەموو ڕوودان و ئەزموون و تێکشکان و هەڵسانەوەکانە. ئا لەویدا من ڕۆژانە لەبەر خۆمەوە دەمووت: مرۆڤ هەمیشە بە چیرۆکەکانیەوە جوانە!.

# لابۆری شانۆیی لالشی لە نەمسا روانینی دەنگ ئامێز بۆ جیهان

ستافی "لابۆری لالشی شانۆیی" لە ڤیەنناى پایتەختی نەمسا کە هەردوو هونەرمەند "شەماڵ عومەر و نیگار حەسیب" سەرپەرشتی دەکەن، ئەم ستافە هونەرییە چەندین هونەرمەندی شوێنی جیاجیای جیهانی دەگرێتەخۆ، کە هەریەك هەڵگری کولتوورێکی جیاوازە، ئەزموونی خۆیان خستۆتە ڕوو، واتا ئەزموونگەرییەکی تازەی شانۆیی لەژێر ناوی "بێ تاوانی" ئەمە پڕۆژەی توژینەوەی سالانی (٢٠٠٦ _٢٠٠٧)ە، کە لە چوارچێوەی "دەنگ چاوگەیە _ روانینێکی دەنگ ئامێز بۆ جیهان" کاری خۆیان کردووە، ئەم ئەزموونە مۆدێرنەش، وەك کردەیەکی بۆ سوودوەرگرتنی زیاتر لە پانتایی و شوێنی دیکەی نواندن، کردەیەکی لێکۆڵینەوە و هەڵکۆڵینە، گەڕانە بەدوای دەستەواژەی تازە، دۆزینەوەی فەزای دیکە کە پشت بە تەقاندنەوەی توانا گوزارشتییەکانی مرۆڤ دەبەستێت، کە کردەیەکی سنوربەزێنە، بەپێی لۆژیکێکە کە لە حاڵەتە باو وسونەتیەکان دەردەچێت، دەبێت ئاماژە بەوە بکرێت ئەم ئەزموونە لەسەر بونیادێکی دەنگسازی رەها دانراوە، پێکهاتەکانی لە کارتێکردنی ئەو هەولانەوە دێت کە بۆ دۆزینەوەی زمانێکی دەنگدراوە، کە لە دەرەوەی سیستەم و ئاماژە زمانەوانییە داخراوەکانە کە هێمای رۆشنبیری دیاریکراو هەڵدەگرێت و بۆتە حاڵەتی سواو، تەنانەت دەقە قسەپێکراوەکانیش کە بە ریتمی دەنگی دەردەبڕدرێت و گۆرانی ئامێزە و لە دەرەوەی ئاماژە زمانەوانییە باوەکاندایە، ئەم کردە ئەزموونگەرییە.

لە ئاکامی توێژینەوەی لابۆری بەردەوام و ئاڵۆزەوە هاتۆتە بوون، ئەمەش دەرەنجامی گەشتێکی گیانبازانەیە و گەڕانەوەیەکیشە بۆ چاوگە هەمە چەشنەکانی مرۆڤایەتی. جیاواز و لێك دوریشە، هەروەها سوود وەرگرتنە لەیەکە و ریتمە دەنگییە دانسقەکان، بەڵکو ئەم دەنگانە بۆی هەیە رۆژێك لە ناو بچێت لەنێو سەرجەم کولتوورە جۆربەجۆرەکانی گەلاندا، ئەم هەوڵە ئاوێتەکردن و تواندنەوەی ئەم کولتوورانەیە لەنێو یەك قاونمی پێکهاتەی تازەی هونەری، ئەمەش بەهۆی پێکهاتە دەنگییە



قسەپێکراوەکانە و هەندێکیشیان بەهۆی بیستنەوەیە کە لەنێو بنەمایەکی پێکەوەچنراو و کراوەیە و چەندین خوێندنەوەی جیاواز لەگەڵ خۆیدا هەڵدەگرێت. ئەم کردەیە بوار دەدات بۆ داهێنانی کرانەوەیەکی تازەی توانا راڤە ئامێزەکانی، دەستەی ئاهەنگێڕ و داهاتووی بینەر و گوێگر، ئەم ئەزموونە توێژینەوەیە و ئەم توێژینەوەیە ئەزموونییە، تەنها هەوڵێکە لەلایەن ستافەکەی "شەماڵ و نیگارەوە" دراوە، لەپێناو داهێنانی زمانێکی تازەی پێکەوە گرێدانی شانۆیی لەنێوان رۆشنبیرییە جیاوازەکان، هەر لەسەرەتای مانگی شوباتی (٢٠٠٦)ەوە لابۆری لالشی شانۆیی داوەتی پسپۆران و شارەزایان و رەخنەگران و قوتابیانی زانکۆی ڤیەننای بەشی شانۆ کرد بۆ دیتنی قۆناغە ئەزموونگەرییەکانی بەرایی، ئەم توێژینەوەیە ئەزموونگەرییە تازەیە، چونکە وا بڕیاریشە ئەم ئەزموونە "بە پرۆڤەیەکی تەواو" لە داهاتوویەکی نزیکدا لە زانکۆکان و فیستیڤاڵە نێودەوڵەتییەکانی ولاتانی جیهان نمایش بکرێت، لەهەمان کاتدا لابۆری لالش سەرقاڵی گەشتێکی گەڕانە بەدوای رەهەندەکانی دیکە و رۆچوونە نێو فەزا و ناواخنە تازەکانی دیکەوە کە نادیارە لە نێو ئەزموونەکەیاندا واتا "دەسپێکی وتوێژ"، پرۆژەیەکی توێژینەوەی سالانی (2005 _ ٢٠٠٦)ە، وەك قۆناغێکی چوارەمیشە، کە پێشتر هەرسێ قۆناغی رابردووی لە نەمسا و ئەڵمانیا نمایش کراوە، هەروەها لە لابۆری "جیرزی گرۆتۆفسکی" لە پۆلەندا نمایش کراوە، هەروەها لە ڤیستیڤاڵی شانۆی ئەزموونگەری قاهیرە خولی هەڤدەهەم نمایش کراوە. ئەمە جگە لەوەی لە هەریەك لە ڤیستیڤاڵی قرتاجی شانۆیی لەتونس خولی (١٢)ەمین و هەروەها لە دیدارە نێودەوڵەتی "یۆ ژینۆ بارپا" لە چوارچێوەی "قوتابخانەی نێودەوڵەتی شانۆیی ئەنترۆپۆلۆژی" خولی (١٤) ەمین نمایش کراوە، دەربارەی پەیدابوونی لابۆری لالشی شانۆییش، لەگەڵ کۆتایی سالانی هەشتاکانی سەدەی رابردوو و تاوەکو سەرەتای نەوەدەکانی هەمان سەدە. هەردوو هونەرمەندی شانۆکار "شەماڵ عومەر" و " نیگار حەسیب" سەرقاڵی توێژینەوەی ئەزموونگەری بووە، ئەم توێژینەوەیە زیاتر کاری لەسەر بواری (Culrure Physiaalconcept) کرد، لە نێوان سالانی (١٩٩٢ _ ١٩٩٨)دا هەردوو هونەرمەند کەوتنە نێو توێژینەوەیەکی جوایەز دەربارەی میکانیزم و تەکنیکەکانی پەیوەست بە (performative culture ) کرد بۆ هەنگاونان بەرەو دارشتنی پرسیاری تازە دەربارەی ئیشکالییەتەکانی گوتاری جەستە.

لە شوێن و کاتدا، بۆ مەبەستی توێژینەوەکەش هەردوو هونەرمەندی ناوبراو، لەساڵی (١٩٩٨)دا "لابۆری لالشی" شانۆییان دامەزراند، لە ڤیەننای پایتەختی نەمسا، لە ساڵی (٢٠٠٠)دا لابۆری لالش توانی پێگەی چەسپاوی خۆی پتەو بکات، وەك هەوڵدانێك بۆ دۆزینەوەی "مەعریفەی دەنگ" لە رێی ئاهەنگسازەوە، چاودێری بەشداریکار، کاری برفۆماتیڤی، لەبری چەمکە باوەکانی پەیوەستی بە "کارەکتەر" و "دەرهێنەر"و "نمایشی شانۆیی".

شانۆ وەك بەخششێکی داهێنەرانەی مرۆڤایەتی، لە چەمکی شانۆیی لالش، شوێنێکە بۆ گۆڕان بەو واتایەی کە هەردەم پرۆسەی "گۆڕانی تێدا روودەدات" (Transformation)، لە ئاستە جیاوازەکاندا:

١. بەهۆی کردەی نواندنەوە، کارەکتەر رۆڵی بوونەوەرەکان و شتەکانی دیکە دەبینێت، بۆیە لابۆرەکە هەوڵی هەڵوەشاندنەوە و کردەی گۆڕانیدا.

- گۆڕانی دووەم، بەهۆی گریمانەی ئاماژە هونەرییەکانی دیکەوە کە لە دەرەوەی جوڵەی جەستەن، بەو واتایەی کە بوونەوەری کارکردە دەبێتە بەشێك لە پرۆسەی ئافراندن وەك چۆن روویداوە و روودەدات.

٣- بەلام گۆڕانێکی دیکە لە ئارادایە، ئەم گۆڕانەیە کە لابۆری لالش پێی گەیشتووە، کە گۆڕانێکە بوونەوەری زیندووی جولاوە دەیکات، لە فەزاکانی کردەی خۆیدایە، بۆ هێنانەدی ئەوپەڕی ئاستەکانی تواناو پەڕینەوە و گەیشتن لە "چەندایەتیەوە" بۆ "چۆنایەتی"، بەو واتایەی کە بوونەوەری زیندوو بەرەو خودێکی پڕاوپڕ بچێت.

لێرەوە ئەم بوونەوەرە رادەبێ و دەبێتە بوونەوەرێکی کارکردە و پێچەوانە و ئەلتەرناتیڤی کە جڵی ئەو کردەیەی کارەکتەر، بەلام ئەو نواندنی هیچ بوونەوەرێك ناکات و هیچ شتێکی دەرەوەی خودی خۆی نمایش ناکات، بەلام ئەو کردەی مرۆڤایەتی وەك مرۆڤێك دەهێنێتە دی، مرۆڤێکە کە ئامادە بوونی هەیە لە شوێن و کاتدا، لێرەوە کردەی "دەق" و کردەی "نواندن" نامێنێت "reprecentionalityy" "textuality"، مێژووی دووری خۆی گەیاندۆیتە ئەو بروایە تەواوەی، کە دەکرێت شانۆ دەستبەرداری هەمووشتێ بێت، کە پێویستی پێی نییە لە پێناو هێنانە کایەی کردەی شانۆیی و زۆرشت دەکرێ فرێ دریێتە دەرەوەی بایەخی شانۆ، تەنها جەستە نەبێت بۆچی؟، چونکە جەستە مرۆڤە.

لەلابۆرەکەمان، ئەم ئەزموونە داهێنراوە ناویلێنراوە "پەرستنی جەستە" پەرستنی ئەو جەستەیەش لە شێواز و روخساری جیاوازدایە، بە تایبەتی لەم ماوە زەمەنیەی دواییدا یەکێ لە چاوگە جەستەییە گرنگەکانی مرۆڤ لەبیر کراوە ئەویش کدەنگە، ئێمە وای دەبینین کە ئەم جوڵە تەنها هەڵگری سیمای مێژووی کەسێك نیە، یاخود تەنها گوزارشت کاربێ لە کردەی مرۆڤایەتی وەك چۆن شانۆی ئێستا وای دەبینێت کە پاڵنەرێکی کردەی جەستەییە، دەنگ بەو جەستەیە نایەت --

که کاری تەکنیکی جیاوازی لەسەرکراوە یاخود وەك تەکنیك بەکار هاتووە لە شانۆی دیالۆگ و ئۆپێراو شانۆی گۆرانی ئامێزو ئاهەنگسازی و مۆزیکی و هەروەها لە ئەزموونە شانۆییە تازەکانیشدا کە دەنگ لە ڕێگەی دەنگۆوەکانەوە کار دەکات و تەکنیکی دیکەش لەبارەوە بەکاردێت، دەنگ و گۆرانی چڕین لە لابۆرەکەی ئێمەدا، قوڵ کردنەوەی کردەی درامی نییە و هەوڵیش نادەن بۆ مۆنتاژکردنی دیمەنی شانۆیی، یانیش بەرەو نامۆبوونی شانۆیی بچێت، بەڵکو لابۆر هەوڵ دەدات ئەو هەموو تەکنیك و فۆرمە کۆن و تازانە تێپەڕێنێت، لێرەوە دەچینە نێو بازنەییەکی دەنگەوە ناوی لێدەنێین "دەنگ وەك چاوگە"، چاوگەیەك و پاڵنەرێك و بزوێنەرێکی جەستە، چاوگەیەك بۆ روداوی فیزیکی و ریتم و روداو دادەهێنێت، گۆڕانی تەنها گۆرانی نییە، گۆرانی بکرێتە مرۆیی لێرەدا گۆڕانی رووداو تێك نادات، چونکە گۆڕانی هەم خۆی رووداوە، ئەو سرووت دروست ناکات، بەڵکو خۆی سرووت و پانتاییە، **"دەنگ وەك چاوگە" هەوڵێکی دیکەی گەڕانە بەدوای جەستە، بەلام لە ڕێگەی دەنگەوە، بەو شێوازەوە هەوڵ دەدەین بگەینە ئەو نهێنیانەی ئەو مارە پێچاوپێچە و نیوە خەوتووە. لەنێو ناخی ئێمەدا واتا لە ناخی جەستەماندا، ئەگەر ئەو جوڵەی تێکەوت، ئێمەش دەجوڵێنیەوە، ئەگەر هەناسەی دا ئێمەش هەناسە دەدەین، ئەگەر چاوی کردەوە بەرەو هەموو ئاراستەکان رێ دەکەین، ئەگەر ئەو دەمی کردەوە گوزارشت لە ئازارو سۆزەکانمان دەکات.** هەر ئەویشە وێنەیەکی زیندووی توانای ژیانە.

"شەماڵ عومەری" هونەرمەند دەڵێت، من باس لە دەنگ دەکەم وەك باس لە بوونەوەرێکی پڕ ژیان بکەم، بەڵێ بوونەوەرێکی زیندووە، ئەوە منم، ئەوە ئێمەین". لابۆری لالشی شانۆیی بە ئەزموونە شانۆییەکانی خۆی بەشداری لە چەندین ڤیستیڤاڵی جیهانی کردووە، هەروەها وۆرك شۆپی دەنگ و لابۆری کراوەی لە چەندین زانکۆی ئەو پەری ژاپۆن و ڤیستیڤاڵە نێو دەوڵەتییەکان کردۆتەوە، هەروەها لە پەیمانگای بالای هونەرەکانی شانۆ لە قاهیرە و مۆزەخانەی هونەری میسری هاوچەرخ لە قاهیرە چالاکی هونەری ئەنجام داوە، لابۆری لالشی شانۆیی لەگەڵ ستافەکەی خۆیدا، کە چەندین رۆشنبیری و ناسنامەی کولتووری جودای تێدایە ئاڵوگۆڕی زانستی لەگەڵ لابۆرە جیهانییەکانی دیکەدا کردووە، لەوانە لابۆری "جیرزی گرۆتۆفسکی" لە پۆڵەنداو ئیتالْیا و هەروەها لە شانۆی "ئۆدین یۆژینۆ باربا" و "ئۆنۆکازۆ ئۆرائد" "Botho Dance" لە لابۆرەکەی خۆیدا، هەروەها لە "Hosho Non Theatre" لە ژاپۆندا، هەروەها لە لابۆرەکانی "باراتیاتر" لە فەرەنسا و سویسرا و ولاتانی دیکە.

**سەرچاوە:**

**بەشی راگەیاندنی لابۆری شانۆیی لالشی ڤییەننا**

**(٢٠٠٦)**

**و: سەفەر عەلی**



# سروشت لە ئەزموونەکانی لابۆری شانۆی لالش دا

## سەمای خۆر

سەمای خۆر پرۆژەیەکی تری ئەزموونکارانەی "لابۆری شانۆی لالش"ە وەکو پرۆسێسی گەڕان و توێژینەوەیەکی درێژ کە لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٢ وە دەستپێکردوو و تا کۆتایی ساڵی خایاند.

ئەم ئەزموونە وەکو جووڵەیەکی نائاسایی کارکردن بووە لە تەك وەرزەکانی سروشتا،لە تەک ئاڵوگۆڕییەکانی نێو سروشت خۆیدا، کارکردن لەتەک ئەو هەل ومەرج وتوانستانەی کە لەنێو سروشت خۆی دا ڕوودەدات و بە ئێمەی دەبەخشێ.

هەر لەم ڕوانگەیەشەوە ئەم پرۆژەیە بە پێی وەرزەکانی ساڵ بەسەر چوار وێستگەی جیاواز دابەش کرا بوو(ئەکسیۆنی بەهار، هاوین، پاییز، زستان) هەر ئەکسیۆنێکیش یەکجار ڕوویداوە و دووبارە نەبۆتەوە. هەر بەم پێیەش تەکنیکی دەنگ وجەستە، کەرەستە وماتریالە بەکارخراوەکان، هەروەها شێوازی پراکتیزە جیاوازەکان لە تەک گۆڕانکاری سروشت و هەستەکاندا ، گۆڕانکاری ونوێکارییان بەسەردا هاتووە.

شوێنی بەجێگەیاندنی ئەم توێژینەوە پراکتیکی یە "دۆڵی هێلێنیا" یە کە ناوچەیەکی مێژوویی و سروشتییە ودوو کاتژمێر لە شاری ڤییەناوە دوورە و بە ناوچەیەکی سروشت پارێزراو ناسراوە. یەکەم ئەزموونی ئەم پرۆژەیە لە تەک ڕەزم و دەرکەوتەکانی وەرزی بەهاردا بە ئەنجام درا. دووەم ئەزموونیش لە هەمان دۆڵدا ولە ناو چەمێکدا پاش بەرزبوونەوەی ئاوەکەی بە هۆی لافاوی ناوچەکەوە لە هاوین دا. سێهەم و چوارەم ئەزموونیش لە تەک ووشکی و گەلاڕێزانی پاییز و بەفر و بەستەڵەکی زستانی هەمان ساڵدا بە ئەنجام گەیشتن.

لابۆری شانۆی لالش لەژێر ناوی "لابۆری کراوە" دا بۆ زیاتر قووڵبوونەوە لە ڕەهەندەکانی ئەم پرۆژەیە ئەوا لە ڕۆژانی ٢٩/٢٨ ی مانگی ٦ ی ٢٠٠٢ دا بە ئامادەبوونی هەندێ لە بیرکارانی شانۆی زانکۆی ڤییەنا و بینەرانێکی زۆر، گفتوگۆیەکی زانستی و تێر و قووڵی لەسەر ئەم پرۆژەیە بە ئەنجام دا.

# لە یادی ڕۆژی شانۆی جیهانی دا

## "بەرەو شانۆیەکی ڕەسەن"

**شەماڵ عمر**
**شانۆی ئەزموونگەری کوردی سلێمانی ١٩٨٨**

---

**(چونکە ئێوە ڕێگایەکتان بڕی، کە بوونە هۆی ئەوەی زۆر دەرگا بۆ ئێمە بکەنەوە) ..**

**(ئەمە لە نامەیەکی هونەرمەند نیهاد جامی یەوە بۆ نیگار حەسیب و شەماڵ عمر لە مارتی ٢٠٠٧ دا نووسراوە، شەماڵ و نیگاریش لەبەرامبەر ئەم دەربڕین و هەستە هونەرییە بەرزەدا ئەوا ئەم تێکستەی شەماڵ عمر کە لە ڕۆژنامەی هاوکاریدا لە ڕۆژی ٤،٤. ١٩٨٨ دا بە بۆنەی ڕۆژی شانۆی جیهانییەوە، لە ئەرشیفی لابۆری شانۆی لالشەوە پێشکەش بە هونەرمەند نیهاد جامی و تیپی شانۆی ئەزموونکارانی کوردی لە کەرکوک بە بۆنەی ڕۆژی شانۆی جیهانی ٢٠٠٧ وە دەکات. گرنگی ئەم ووتارە لەویادایە کە شەماڵ عمر ئاماژەی هەندێ لە گرفتە سەرەکیەکانی ئەو ساتەی هەشتاکانی شانۆی کوردی دەکات)**

ڕەسەنایەتی پەیوەستە بەڕەوت و بزووتنەوی سەردەمەوە، هەر ڕەسەنایەتی یە (چێژ و جوانی و پێداویستی) لەیەکەیەکی بالادا گرێ دەدات و هەمیشە وبەبەردەوامی لە گۆڕان و نێوکاریدان .. لێرەوە ڕەسەنایەتی و ئەزموونکاریی دەبنە ئاوێتەیەک و هەموو خۆشی و شادی یەکمان تێکەڵی ئەو کانیاوە پیرۆزە دەبێت وپێچەوانەی ئەو هونەرەش دەوەستێتەوە کە نقومی قالبکاری و خۆجووینەوەیە، چونکە بە هونەرێکی سڕومردو دەدرێتە قەڵەم..

لە ڕەسەنایەتی دا گشت هەڵچوون و بزواندنێکی ستاتیکی کرۆکەکەی داهێنانە و بەرەنجامێکی شەرعی فراوان بوونی ئاسۆی خەیاڵە و بەرەو جیهانێکی سەرتاپاگیر هەڵدەکشێت و سنوورە ئەقلیمی یە تەسکەکەی دەشکێنێ .. لە ڕەسەنایەتیدا (جوانی) تیشک دانەوەی هەمیشەیی یە لەدەرەوە بۆ ناوەوە و لە ناوەوە بۆ دەرەوە، لە هەموو ساتێکی داهێناندا خۆی دەخووڵقێنێ و لەهەر جووڵەیەک لە جووڵەکانی دا خۆی دەنوێنی .. هەر ئەمەشە پاڵ بە هونەرمەندانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی یەوە دەنێت کە هەستێکی قووڵیان لەلا بخووڵقێت بەرامبەر مەرجەکانی مانەوەو گەڕانی بەردەوام لەدووی ئەو پانتایی یانەی بەردەوام بوونیان مسۆگەر دەکات و ڕێگای خۆشیان لەو وێنانەدا دەدۆزنەوە کە بگونجێت لەتەک هاوچەرخایەتی دا.

ڕەسەنایەتی پلە و ئاستێکی بالاترە و گشت پێودانگە (کۆنکرێتی یەکان) تێک وپێک دەشکێنێ و تەنیا ئەو ڕەگەزانە دەهێڵێتەوە کە توانای بەخشیشیان هەیە، کەواتە خۆ قووتارکردنە لە گشت بنکە ویاسا نەگۆڕ و سەپێنراوەکان و بەرەو جۆرە سەربەستییەکی ڕێک و پێک هەنگاو دەنێت، هەر ئەمەشە تەعبیر لە گیانی سەردەم دەکات، کەواتە ڕەسەنایەتی هاوچەرخێتی یە .. لێرەدا ووتەیەکی هونەرمەندی توونسی (منصف السویسی) دێتەوە یادم کە دەڵێ: (من بەو شێوەیە لە ناسنامەی ڕۆشنبیری تێناگەم کە بریتی بێت لە گەڕانەوە بەرەو دواوە بە بەهانەی ڕەسەنایەتی، چونکە ڕەسەنایەتی خۆی لە خۆیدا بریتی یە لە ئاوالابوونەوە، یان با بڵێین دەرگا خستنە سەرپشت، لەهەمان کاتیشدا بریتی یە لە تازەگەرێتی و هاوچەرخێتی)..

**کەواتە ڕەسەنایەتی هەرگیز قالبکاری لە خۆناگرێ، بەڵکو هەمیشە لە گۆڕانی بەردەوامدایە لە بواری هاوچەرخایەتیەوە، چوونە قۆزاخەو دەرگا لەسەرخۆ داخستنیش دەبێتە هۆی جۆرە ڕووکەشی و لە قالبدانێک، کەواتە هەر لێرەوە دەبێت توانای ئەوەمان هەبێت کە سوود لە هەموو لایەنەکانی پێشکەوتن و بەرەو پێشەوە چوون وەربگرین نەک تەنیا پشت بەستن بە ڕابردووەوە چونکە مەرج نی یە ئەوەی لە ڕابردودا ڕووی دابێت، پیرۆزەو توانای ژیان و بەردەوام بوونی هەیە.**

گەر بشمانەوێت شانۆی خۆماڵی ڕەسەنمان، سیما و تان و پۆی شانۆکەمان دابمەزرێنێت، ئەوا پێویستە لەهەر هەنگاوێکیدا خۆی بداتە پاڵ شارستانیەت و لە تەک تایبەتێتی جیهانی دا دەنگ و ڕەنگ و ئاست وپایەی خۆی هەبێت و لە جیهانی تازەگەرێتی یەوە هەڵقوولابێت، تاوەکی لە گیان و ڕەوتی هاوچەرخایەتی دا خۆی بنوێنێ .. نەک ئەو خۆماڵێتی یەی کە لە پەنجەرەیەکی زۆر تەسک و تاریکەوە دەبینرێت و هەر لە یەکەم ساتی لە دایک بوونی دا لەگەڵ خڵتەو



خەوشی کۆنکرێتی دا بەرەو جیهانی دۆزەخی قاڵبکاری مل دەنێت و لەوێشەوە هێدی هێدی لەژێر پاڵەپەستۆی نوێکاری و شارستانی یەتدا بەبێ هیچ کاریگەریی و شوێنەوارێکی ئەوتۆ، سەر دەنێتەوە. کەواتە بۆ گەیشتن بە شانۆیەکی ڕەسەن و داهێنەر کە سیمای تایبەتی لە جیهان دا بنوێنێ ئەوا پێویستە ئەزموونکار بین و لەوێوە هەنگاو بنێین کە شانۆی پێشکەوتووی جیهانی پێیگەیشتوون نەک بەو شێوەیەی کەئەوان دەستیان پێ کردووە، چونکە شانۆ لە بۆشایی یەوە دەست پێ ناکات، بەڵکو لە (ئەنجامی تاووتووێکردنی ئەزموونەاکانی پێش خۆیەتی، پاشان هەست کردن بە هێنانەکایەی ئەزموونێک کە جیاواز بێت لێیان و لەهەمان کاتدا پشتیان پێ ببەستێت)، چونکە گەر داهێنەران و تیۆریی یەکانی ئەمڕۆ لە ناوەندی ئەزمونەکانی پێش خۆیانەوە هەنگاویان نابێت، ئەوا پێویستە ئێمەش لە ناوەندی ئەو ئەنجامانەوە هەنگاو بنێین کە داهێنەرانی ئەمڕۆی شانۆ پێیگەیشتوون، ئەمەش شان بە شانی تێگەیشتن و وورد بوونەوەیەکی زانستیانەی قۆناغەکانی پێش ئەو داهێنەرانە، ئەمەش حەقیقەتێکە و مێژووی داهێنان دەیسەلمێنێت.

گەلێک پێویستمان بەوەیە کە لە بۆچوونێکی زانستیانەوە ئەمڕۆکەی شانۆی کوردی تاووتوێ بکەین و بەبێ هەڵچوون و ڕووکەشانە دانی حەقیقەت بەوەدا بنێین کە تاوەکو ئێستاکە نەبووینەتە خاوەنی شانۆیەکی خۆماڵی ڕەسەن و داهێنەرانە، گەر هاوەڵێکیش ئەم سەرنجە لە جێی خۆیدا نابینێتەوە، ئەوا لێی دەپرسین: (کوانێ تیۆریی و داهێنان و ئەزموونە تایبەتی وخۆماڵی یەکەی شانۆی کوردی و ئیزافەی ئەم داهێنانە بۆ سەر ڕەوتی شانۆی جیهانی؟!) ..

بۆیە **دەبێت لە پێناو خووڵقاندنی ئەو ڕەسەنایەتی یەدا (ڕەسەن) بین و لە فەرهەنگی (شەڕەگەڕەک) و لە دونیای (عەشرەت لۆژی) بەدەربین و لە زەمینەی هەڵچوون و دەمارگرژی و خێڵەکی یانەوە ئاماژە بۆ مەسەلەیەک نەکەین تا بەتەواوەتی دڵنیا نەبین لێی و جامی غەزەبمان بۆ مەیسەرکردنی بەرژەوەندی یە تایبەتیەکانمان بەسەر کەسانێکی خەم خۆر و پاکی ڕەوتەکەدا قڵپ نەکەینەوە،** چونکە هونەرمەندان لە گشت سەردەم و چرکەیەکی ژیاندا لەو بڕوایەدا بوون کە هونەر دونیایەکی بالایە و بەقووڵی وەسف دەکرێت، تەنانەت وایان هاتۆتە پێش زەین کە ڕاستگۆو کاریگەر ترە لە ژیان، تەنیا ئەمەش بەس نەبووە، بەڵکو ئەم ڕێز و خۆشەویستی یەی هونەر گەیشتۆتە ئاست و پلەی تەسەوف و چەشنێک لە چەشنەکانی کەش ئامێزی .. بۆیە (بیتهۆڤن) لە قوولایی ناخ و دەروونی خۆیدا گوێ ی بۆ سەمفۆنیەکانی ڕاگرتووەو وای بەخەیاڵدا دەهات خواوەند بەگوێ یەکانیدا دەچرپێنێ، ئەو وێنانەشی (مایکل ئەنجلۆ) لەسەر دیواری کلێسای (سکستێن) نەخشاندونی، لەبۆچوونی دا (نوێژێکە) و لە مەزنی و بالایی دا هیچی کەمتر نەبووە لە نوێژ و ستایشی پاپا و قەشەکانی .. هەر ئەم قەدرزانینەشە کە ٢٧ ی ئازاری گشت ساڵێکی کردۆتە ڕۆژێکی مێژوویی، ڕۆژی شانۆی جیهانی، ڕۆژی ئاشتی گەلان، ڕۆژی زمانی گفتۆگۆو ئاڵوگۆڕ کردنی بیروڕا و ئەزموون، ڕۆژی بەخششی هونەرمەندان و هەڵوێستەیەک لەبەرامبەر مەزنێتی دا. کەواتە هونەری ڕەسەن لە کرۆک و گیان و دوا ئامانجی دا، هەر بە مرۆڤدا هەڵدەڵێ و هونەرمەندی ڕەسەنیش ناخێکی پڕ ئەوینە بەرامبەر بە مرۆڤایەتی و لە بواری ئامڕازە جۆر بە جۆرەکانی یەوە دەیبەخشێت، سلاو و پیرۆزبایی لە هونەرمەندانی کورد و بە هیوای شانۆیەکی کوردی ڕەسەن کە جۆروڕەنگە هەمە چەشنەکانی تێدا بێتەدی، سلاو لە ڕەسەنایەتی و نوێکاری و نوێکاران ...

# ئەزموونی لابۆری شانۆی لالش لە ژاپۆن

## (ئۆونۆ کازوۆ، داهێنەری سەمای بوتۆ پێشوازییان لێ دەکات)

لابۆری شانۆی لالش بە هاریکاری وەزارەتی دەرەوەی نەمسا و مەڵبەندی کلتوریی سەفارەتی نەمسا لە تۆکیۆ و لە میوانداریی فیستیڤاڵی "جالای ٢٠٠٢" بە گەشتێکی شانۆیی گەیشتە وولاتی ژاپۆن.
لە ڕۆژانی ١٣ و ١٤ ی مانگی ٧ ی ٢٠٠٢ دا لە مۆزەخانەی هونەریی میترۆپۆلیتان لە تۆکیۆ پێرفۆرمانسی "سەمای خۆر" ی نوومایشت کرد.
لەم فیستیڤاڵە هونەرییەدا چەندەها گروپی ژاپۆنی بە پێرفۆرمانسی جیاواز بەشداربوون، ئەزموونی لابۆری لالش کە لەلایەن "نیگار حەسیب و گابرییلا پلۆنە" وە پشکەش کرا، بووە مایەی سەرنج و پێشوازییەکی گەورەی هونەرمەندانی ناسراوی ژاپۆنی و ئامادەبووانی فیستیڤاڵەکە.
هەروەها لە ڕۆژی ١٦ ی هەمان مانگدا میوانداریيەکی تایبەتی لابۆری شانۆی لالش لە تۆکیۆوە بۆ شاری یۆکۆهاما سازکرا و ئەزموونی "سەمای خۆر" لە (ستۆدیۆی سەمای ئۆونۆ کازوۆ ) دا لە ئێوارەیەکی تایبەتیدا بە ئامادەبوونی قوتابیانی سەمای "بوتۆ" و هەروەها خودی "ئۆونۆ کازوۆ" و "یۆشیتۆ" ی کوڕی کە ناوێکی جیهانییە و ئێستا ئەو ستۆدیۆکە دەبات بەڕێوە، نوومایشت کرا.
شایانی ئاماژەیە کە ئۆونۆ کازوۆ سیمبۆلێکی گەورەی داهێنانە و یەکێکە لە بنیاتنەر وداهێنەرانی "سەمای بوتۆ" کە وەکو جووڵەیەکی نائاسایی و ئەڵتەرناتیڤی هەموو جیهانی گرتۆتەوە.
"کازوۆ" بە خۆشحاڵیەوە پێشوازی لە لابۆری لالش کرد و سەروسوڕمانی خۆی بۆ ئەم ئەزموونە دەربڕی و سەرەڕای پێشکەش کردنی دوو کتێبی تایبەتی خۆی بۆ لابۆری لالش ئەوا بەو تەمەنەوە لەسەر کورسیە تایبەتیەکەی خۆیەوە "سەمایەکی" پێشکەش بە نیگار و گابرییلا کرد. ئەم حاڵەتە بووە جێگای سەرسوڕمانی ئامادەبوان وکوڕەکەی ئاماژەی بەوەدا کە (بە دەگمەن ڕووی داوە، یان هەر ڕووی نەداوە کە باوکم بەم جۆرە سەرسوڕمانی خۆی دەربڕێ ).
هەر لێرەشدا پێویستە ئاماژەی ئەوە بکەین کە پرۆژەی "سەمای خۆر" سەرەڕای ئەوەشی پرۆژەی کارکردنە لە نێو سروشتدا، بەلام لەتەک ئەمەشدا لابۆری شانۆی لالش لەسەر ئاستی ئەزموونی جیاواز کاری لەسەر کردووە و، دەکرێت وەکو ئەزموونێک بۆ کاری گۆڕانی بەردەوام و داهێنانی جیاواز سەیری بکەین. ئەوەبوو پێش گەشتەکەی ژاپۆن لەسەر میوانداری بەشی کلتوریی وولاتە یەکگرتووەکان سەنتەری ڤییەنا لە رۆژی ٢٠ ی مانگی ٦ دا بە بۆنەی "ڕۆژی ئاوارەکانی جیهانەوە" لە گۆڕەپانێکی ناسراوی شاری ڤییەنادا بە ئامادەبوونی بینەرانێکی زۆر ، ئەزموونێکی تری "سەمای خۆر" پێشکەش کرا و سەرکەوتنێکی لەبەر چاوی بەدەست هێنا.



# ئەوروپاو ئامادەگی شانۆی کوردی

**عواد علی**

لەنێو شەپۆڵی ئەو کۆچبەر و رەوەندە عێراقییانەی کە لە سێ دەیەی رابردوو بۆ کیشوەرە پڕدانیشتوانەکانی جیهان دەکرا، رێژەی شانۆکاران (بە ئەکتەر و دەرهێنەر و رەخنەگر)ەوە کەم نەبوون، بە ناچاری و بە دڵێکی پڕ لە خەفەتەوە لە باکوور وناوەراست و باشووری عێراقەوە دەردەچوون و ئەو بەهەشتی عەدەنەیان بەجێدەهێشت کە رژێمی پێشوو پڕی کرد لە گەندەڵی و زەوی و گیان و بەهاکانی وێران کرد، دەربەدەری ولاتانی نامۆ و بێگانەی کردن، سەرەرای هەبوونی رێز و بەهای مرۆییان لەناو ئەم ولاتانە و تێکەڵبوونیان بەم کۆمەڵگایانە و دەستەبەرکردنی ژیانێکی خۆشگوزەران بۆیان، هەندێ لەو شانۆکارانە هەوڵیاندا کە لە کارە داهێنەرانەکانیاندا بەردەوام بن، چ لەمیانەی دروستکردنی گروپ و کۆمەڵەی شانۆیی و نووسینی شانۆییەوە بێت، یان بەهۆی بەشداریکردنیان لە کار و بەرهەمی گروپەکانی ئەو ولاتانەی کە تیایدا دەژیان، ئەویش پاش ئەوەی کە زمانەکانیان فێردەبوون.

گروپی شانۆیی "لالش" کە نیگار حەسیب قەرەداغی و شەماڵ عومەری مێردی بەرێوەی دەبەن (هەردووکیان خەڵکی سلێمانین و لە هەشتاکاندا ئەکادیمیای هونەرەجوانەکانی بەغدایان تەواو کردووە) یەکێکە لە گرنگترین گروپە شانۆییەکانی کوردی لە ڤییەننا، لە ساڵی (١٩٩٨) وەکو ناوەندێك بۆ لێکۆڵینەوەی شانۆیی و رۆشنبیری لێهاتووی شانۆیی دروست بووە.

ناوی "لالش" بە مانای "ژیانێکی رووناك" دێت، ئەمەش لە ناوێکی کۆنی کوردییەوە وەرگیراوە و ئاماژەیە بۆ پەرستگای ئایینی یەزدییەکان. ئەم گروپە دوا بەدوای گروپی شانۆیی ئەزموونگەری کوردی هات کە شەمال و نیگار لەساڵی (١٩٩٢)دا دروستیان کردبوو، راستەوخۆ دوای ئەوەی کە وەکو کۆچبەر گەیشتنە نەمسا، لە شارەکانی نەمسا و ئەڵمانیا و هۆڵەندا و دانیمارك و سویسراو بەریتانیا دەستیان کرد بە نمایشکردن، لەوێ رەوەندێکی زۆری کۆچیەری کوردی دەبینرا، پاش ئەوەی گروپەکە بە هۆی ئەزموونە شانۆییەکانەوە شارەزایی پەیدا کرد و لەگەڵ ئەزموونە شانۆییەکانی ئەوروپا بەریەککەوتن، بیرۆکەی دامەزراندنی شانۆیی "لالش" دروست بوو، شانۆیی "لالش" وەکو شەماڵ ونیگار دەڵێن: گروپێکی جیهانییە و ئەوهونەرمەندانەی کاری تێدا دەکەن، سەر بە کەلتوور و کۆمەڵگا جیاوازەکانی وەکو عەرەب و کورد و ئەڵمان و نەمساوی و فەرەنسی و هی دیکەن، ئەزموونە شانۆییەکانیان لە ژمارەیەك شانۆی جیهانی نمایش کردووە، لەوانە؛ شانۆیی "دۆم بییر"ی فەرەنسی و "گۆت هارد"ی سویسری و "بەرلین" ئەڵمانی و "ئیکواهاما"ی یابانی، بەلام لە نەمسادا چالاکییەکانی ئەم گروپە زیاتر ئیش لەسەر کارلێکی شارستانییەتەکان و "بەیەکگەیشتنی کەلتووریی" دەکات، بۆنموونە؛ "داستانی گلگامێش"یان بە تێروانینێکی نوێ و جیاواز لە شانۆییە کلاسیکییەکە پێشکەش کرد، سەرەرای پێشکەشکردنی ئەزموونی شانۆیی هاوبەش لەگەڵ دامەزراوە نەمساوی وئەوروپییەکان کە ئەمەش گرنگی و قورسای خۆی هەیە، لەوانە زانکۆی ڤییەننا، زانکۆی کریمس، مەڵبەندی تویژینەوەی زانستی، پەیمانگای زانستی شانۆگەری و فیلم و راگەیاندن، تاقیگەی باراتە و چەندین دامەزراوەی تر، هەروەها نیگار و شەماڵ دەزگایەکی شانۆییان دامەزراندووە بۆ ئامادەکردنی بەشداربووانی گروپەکە و قوتابیانی شانۆ لە میانەی راهێنانیاندا کە دەنگ و نمایشکردن و جوڵەی جەستە دەگرێتەوە، ئەوان چەمکی "لێهاتوویی شانۆیی" بەسەر چەمکی "نمایشی شانۆیی"دا فەرز دەکەن، ئەویش لەسەر ئەو بنەمایەی کە شانۆ، پرۆسەی خەلقکردن و بەیککگەیشتنە



لەگەڵ مرۆڤدا، بۆیە بەیەکگەیشتن شێوە و ئاراستەی جیاوازی هەیە، لێرەوە ئەمانە بە قەدەر ئەوەی هەوڵدەدەن بۆ خۆسەلماندن و یادەوەری تاك و كۆ، ئەوەندە هەوڵ نواندنی ئەویتر، یان نواندنی کەسایەتی پێشتر نووسراو نادەن، ئەوان گوتەی "ئاهەنگساز" لە جیاتی "نمایشکار" بە کار دەهێنن، ئەمەش لەگەڵ ئەو گوتەیەدا یەك دەگرێتەوە کە شانۆیی ئاهەنگسازی لە مەغریب کاری پێدەکرد، جا ئەمانەش هەمان مەبەستیان هەبێت یان نا.

بیرۆکەی ئەزموونگەری لای ئەم دوو شانۆکارە، لەسەرەتای خوێندنی زانکۆیانەوە دروست بوو، لە بیرمە کە لە ناوەڕاستی هەشتاکاندا لە کەرکوك ئەزموونێکی کاریگەری ئەوانم بینی لەگەڵ دەقی "لە چاوەڕوانی گۆدۆ"ی "بیکیت"دا، شەماڵ عومەری دەرهێنەر، ڕۆلی هەردوو کەسایەتی پیاو "ڤلادیمێر"و"ئیستراجون"ی گۆڕیبوو بە ئافرەت و هەردوو هونەرمەند نیگار و فرمێسك مستەفا ڕۆڵەکانیان وەرگرتبوو. ئەوکات وتارێکی ڕەخنەییم دەربارەی ئەزموونەکە نووسی و ئاماژەم بەوەدا کە ڕوانگەی دەرهێنەر پێمان دەڵێت: بوونەوەری مرۆیی بەگشتی نەك تەنها پیاو (وەکو بیکیت دەڵێت) بەدەست بێکەڵکی و ناکامی و شەڕەکانەوە دەناڵێنن و هەست بە بێسوودی دەکەن. ئێستا بۆم ڕوون بۆتەوە کە ئەگەر ئەم ئەزموونە لە ڕوانگەی ئافرەتانەوە سەیر بکرێت، خوێندنەوەکە دەگاتە بەرهەم و دەلالەتی گرنگ.

پاشان لە ساڵی (١٩٨٧)دا لە سلێمانی ئەزموونێکی ترم بینی کە دەرهێنەر و ئەکتەرەکانی نیگار و میدیا ڕەووف بوون، ئەویش "لە چاوەڕوانی سیامەند" بوو، فەزای نمایشکردنەکەی ژوورێکی بچووك بوو، لە ناوەڕاستی ژوورەکەدا تەختەیەکی لاکێشەیی هەبوو، تەختەکە دووباڵی وەکو خاچی هەبوو، بە ڕووپۆشی قوماشێکی ڕوون داپۆشرابوو، کە جارێك دەگۆڕا و دەبوو بە کفن و جارێکی تر لە بەر چاو دەبوو بە ڕووپۆشێکی بەرجەستەکەری ڕووتی، جاری سێیەم دەبوو بە چارۆگەی کەشتییەکی بەرز، ئەمە سەرەڕای ئەو مەدلوولە هەستییانەی ئەم دوو هونەرمەندە لە ڕێگای سیمبولە نادیارەکانەوە ئامادەیان دەکرد، سیامەندی پیاو، خۆشەویست، هیواخواز، ڕزگارکەر، خەون، نیشتمان و... بە نواندنێکی جەستەییانەی ڕوون و شاعیری، نمایشیان دەکرد، ئەم ئەزموونە یەکێکە لەو ئەزموونە زۆرانەی کە شانۆی عێراقی لە هەشتاکاندا بە خۆیەوە بینی، ئەویش لە کۆنتێکستی سیمبولی نزیك لە بابەتی چاوەڕوانی ئازاربەخش و بێهیوایی و گەڕان بە دوای فریادڕەس و ڕزگارکەر، لەو وێرانییە گشتییەی کە عێراقییەکان لە ژێر چەوساندنەوە و جەنگدا تێیدا دەژیان، لەوانەش کە بیرم بێت "وێردی کورسی لەرزۆك" و "پرسیارە شانۆییەکانی" عەونی کرومی و "سلاوت لێبێ ئەی دڵنیایی"عەزیز خیون.

**وەرگێرانی: سەنگەر زراری**

# شانۆ و پێرفۆرمانسی ڕیتوالی

**یەکەم** : لە یەکێک لە زانکۆ دێرین وبە ناوبانگەکانی ئەوروپادا، کە زانکۆی ڤییەنایە لە وولاتی نەمسا، هونەرمەندی شانۆکار و ئەزموونکاری کورد خاتوو (نیگار حەسیب قەرەداغی) بە بەرزترین پلەی زانستی بڕوانامەی "دکتۆرای فەلسەفە" ی لە بواری توێژینەوەی زانستەکانی شانۆ و کلتورئەنترۆپۆلۆژیدا بە دەستهێنا و تێزی دکتۆراکەشی لە ژێر ناوی (شانۆ و پێرفۆرمانسی ڕیتوالی) دایە. لێرەدا شایانی ئاماژەیە کە هونەرمەند نیگار حەسیب قەرەداغی یەکەمین ئافرەتی کوردە کە بڕوانامەی دکتۆرا لە شانۆدا بە دەستبهێنێت.

**دووەم** : لە ڕۆژی ٢٠٠٦،١١،٢٩ کاتژمێر یەکی پاش نیوەڕۆ لە زانکۆی ڤییەنادا گفتوگۆی تێزی دکتۆراکەی (نیگار حەسیب قەرەداغی) بە سەرپەرشتی بیرکاری شانۆیی پرۆفیسۆر خاتوو (بریگیتا مارشال) و بە سەرۆکایەتی سەرۆکی پێشووی زانکۆی ڤییەنا و عەمیدی ئێستای کۆلێژی شانۆ، بیرکاری بە ناوبانگ پرۆفیسۆر (ڤۆلفگانگ گرایسەنێگە) و هەروەها بە ئەندامێتی بیرکاری ئەنترۆپۆلۆژی لە زانکۆی سۆسیۆ-کلتورئەنترۆپۆلۆژی پرۆفیسۆر (مانفرێد کرێمسە) بەوپەڕی سەرکەوتووییەوە بەڕێوە چوو.

**سێهەم** : سەرپەرشتکاری تێزی دکتۆراکەی نیگارحەسیب، خاتوو(مارشال) لە بەشێکی هەڵسەنگاندنی ئەم بڕوانامەیەدا ئاماژەی ئەوە دەکات کە: { خاتوو نیگار بەو سیفەتەی ناوێکی گرنگی شانۆی نێونەتەوەییە و یەکێکە لە پایە گرنگەکانی لابۆری شانۆی لالش لە ڤییەنا، توانیویەتی لە بواری شارەزایی پراکتیکی و تیۆریی خۆیەوە، دوو زانستی گرنگی وەکو شانۆ و کلتورئەنترۆپۆلۆژی پێکەوە گرێبدات و لەم بوارانەشەوە لە (فینۆمی ئەگوستیک ، جەستەیی ، دەنگیی ، نوومایشتی کلتوریی) بتوێژێتەوە. جگە لەمەش گرنگی ئەم باسەی خاتوو نیگار بۆ من لەوێوە سەرچاوە دەگرێت، کە بە شێوە میتۆدییە باوو ناسراوەکان، نەگەڕاوە بە دوی سەرچاوە و نەشونمای شانۆ لە ڕیتوالەوە ، بەڵکو لە ڕەگەزەکانی ڕیتوال لە کۆنتێکستی مۆتیڤ و ستروکتوری ڕووداودا - لە دەرەوەی مانا ناسراوەکانی ئەمرۆدا- لە شانۆو کاری پێرفۆرمانسیدا دەتوێژێتەوە. لێرەشدا بەهای چەمکی "ترانس- کلتور" لە مانایەکی ئەڵتەرناتیڤیدا ڕۆڵێکی لەبەرچاو دەبینێت.}

هەروەها پرۆفیسۆر (کرێمسە) لە هەڵسەنگاندنی تێزەکەی (نیگار حەسیب) دا ئاماژەی ئەوە دەکات کە: {خاتوو نیگار حەسیب توانیویەتی مامەڵەیەکی زۆر زیرەکانە لە تەک سەرچاوەکانی زانستی ئێتنۆلۆگی و کلتورئەنترۆپۆلۆژیدا بکات و پرسیارە میتۆدییەکانی خۆی لەبارەی ڕەگەزە ڕیتوالیەکان لە شانۆ و کاری پێرفۆرمانسی هاوچەرخدا بخاتە کار و یەکێک لە نموونە گرنگەکانیشی لابۆری شانۆی لالشە لە نێوان تیۆری و پراکتیکدا. بۆ من ئەم تێزەی خاتوو نیگار تێزێکی بێ هاوتا



و دانسقەیە.}
جگەلەمەش پرۆفیسۆر (گرایسەنێگە) لە ئاهەنگی کۆتایی ئەم گفتوگۆیەدا بە ئامادەبوونی هونەرمەندان (شەماڵ عمر و فایەق ڕەسول و عبدالرحمن الهاوی) و چەند دۆستێکی تر و هەروەها شارۆی کوڕی نیگار، ئاماژەی بەوەدا کە: {تێزی دکتۆراکەی نیگار و هەروەها گفتوگۆکەشی چێژێکی زانستی پێبەخشین. من لە نیزیکەوە کاری تیۆری و پراکتیکی ئەم ئافرەتە کوردە دەناسم و ئەزموونەکانی لابۆری شانۆی لالش جێگەی گرنگیپێدان وسەرسووڕمانمن. ئەو کاتەی بۆ ڕێزلێنانی کاری زانستی شانۆییم لە ساڵی ٢٠٠٤ دا لە فیستیڤاڵی قاهیرەی نێونەتەوەیی بۆ شانۆی ئەزموونکاری بانگەواز کرام و داوام لێکرا کە گروپێکی ئەڵتەرناتیڤی وەکو نوێنەری وولاتی نەمسا لە تەک خۆمدا میوانداری بکەم، من لابۆری شانۆی لالشم هەڵبژارد، هەڵبژاردنەکەشم بووە مایەی فەخرێکی گەورە ، چونکە لە فیستیڤاڵەکەدا ئەزموونەکەی نیگار و شەماڵ و گرووپە نێونەتەوەییەکەیان دەنگ و سەدایەکی دانسقە و بێ هاوتایان بە ئەنجام گەیاند.}

**چوارهەم** : لەڕۆژی هەینی ٢٠٠٦,١٢,٢٢ هاوڕێیانی نیگار ولابۆری شانۆی لالش لە کۆمەڵگای کوردی ونەمساوی خوانێکی کوردی و نەمساویان بە بۆنەی ئەم دەستکەوتەی دکتۆر نیگار حەسیبەوە لە لابۆری شانۆی لالش لە ئاهەنگێکی تایبەتیدا بەڕێوە برد، کە تیایدا خاتوو نیگار حەسیب بە کورتی ئاماژەی بە تێزی دکتۆراکەی داو سوپاسی ئەو کەسانەشی کرد کەبۆ سازدانی ئەم ئێوارەیە ماندوو بوونیان کێشاوە.
دوابە دوای ئەمەش هەر لەم ئێوارەیەدا پرۆفیسۆر (گرایسەنێگە)لە ووتەی کردنەوەی ئەم ئێوارەیەدا جارێکی ترئاماژەی بەوەدا کە : { ئەو ساتەی لە زانکۆی ڤییەنا وەکو سەرۆکی لیژنەی گفتوگۆی تێزی دکتۆراکەی خاتوو نیگار حەسیب ئامادە بووم، هەستم بەوە کرد ڕوبەڕووی ئافرەتێکی کوردی بەهێز بوومەوە، کە بەتوانستێکی زانستی بالاوە گفتوگۆی تێزە دانسقەکەی خۆی کرد و لێرەشدا شایانی ئاماژەیە بڵێم کەم جار ڕوویداوە لە ژیانی زانستی و سەرپەرشتی تێزەکانی قوتابیانی زانکۆی ڤییەنادا ئەوەندە دڵخۆش بم. بۆیە لەم ئێوارەیەدا تکام لە خاتوو نیگار سەرەڕای کاری پراکتیکی لە لابۆری شانۆی لالشدا ئەوەیە کە بەردەوامیش بێت لە کاری توێژینەوەی کاری زانستیدا، چونکە من ئەم توانستەشی تیا دەبینم.}

**پێنجەم** : نیگار حەسیب قەرەداغی لە دایک بووی شاری سلێمانیە و ماوەی بیست و دوو ساڵە لەتەک هونەرمەندی ئەزموونکار(شەماڵ عمر)ی هاوسەریدا سەرقاڵی شانۆیە و بەڕێوەبەری هونەریی و میتۆدی دەنگییە لە لابۆرە ناسراوە نێونەتەوەییەکەی شانۆی لالش دا لە ڤییەنا. هەروەها دەرچووی ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی شاری بەغدایە بە پلەی بەکالۆریۆس و قوتابیەکی بە توانا وخۆشەویستی ڕابەر ودەرهێنەرە هاوچەرخەکانی شانۆی عێراقیە، لەوانەش ( د. صلاح القصب ، د.عقیل المهدی ، د.شفیق المهدی ، د.فاضل خلیل ، د.عونی کرومی ، بهنام میخایل و بدری حسون فرید). لە سەردەمی خوێندنیدا لە بەغدا وەکو کیژە کوردێکی هونەرمەندی بە توانا ناسراو بووە و خاوەنی چەند خەلاتێکی شانۆییە وەکو باشترین کیژە ئەکتەر لەسەر ئاستی عێراق. هەردەم لەلایەن شانۆکاران و ڕەخنەگرانی کورد و عەرەب و ئێستاش شانۆی نێونەتەوەیی ئاماژەی پێدەدرێت. لە هەشتاکانی سەدەی ڕابووردودا بۆ ماوەی سێ ساڵ لە پەیمانگای هونەرە جوانەکان/ بەشی شانۆ لە شاری سلێمانی مامۆستای (دەنگ و جەستە) بووە. لە کۆتایی ساڵی ١٩٩١ وە لە شاری ڤییەنای پایتەختی نەمسا دەژی. لە ساڵی ٢٠٠٠ دا بە بەرزترین پلەی زانستی (ماجیستێر)ی لە کۆلێژی شانۆ و کۆلێژە سۆسیۆ-کلتورئەنترۆپۆلۆژی لە زانکۆی ڤییەنا بە دەستهێناوە.

**شەشەم** : نیگار حەسیب قەرەداغی ئەمڕۆکە لەدوای توێژینەوەیەکی درێژی پراکتیکییە وە لەسەر ئاستی نوومایشتی ( پێرفۆرمانسی ڕیتوالی ) و ڕاهێنانی دەنگی و جەستەییدا خاوەنی میتۆدی تایبەتی خۆیەتی، کە ئێستا لە لابۆرەکەیاندا لە ڤییەنا سەرپەرشتی ٣٠ قوتابی نێونەتەوەیی دەکات و جگەلەمەش لە زانکۆی ڤییەنا و زانکۆی شینشوی یاپان وئەکادیمیای هونەر لە قاهیرە و زانکۆی هونەریی کۆسۆڤۆ وەرشەی پراکتیکی و تیۆری بەئەنجام دەگەیەنێت. هەروەها لە وولاتانی وەکو نەمسا، سویسرا، ئەڵمانیا،فەرەنسا، بەریتانیا، هۆڵەندا، دانیمارک، پۆڵۆنیا، یۆنان، کۆسۆڤۆ، یاپان، میسر، تونس نوومایشتی کردووە و لە فیستیڤاڵە نێونەتەوەییەکانیاندا بەشداری کردووە.

**حەوتەم** : تێزی ماجستێرەکەی نیگار حەسیب لە ژێر ناوی (جەستەی ئامادە لە پانتایی و زەمەندا- تێڕوانینێکی نائەوروپیانە بۆ کاری پێرفۆرمێر) هەروەها تێزی دکتۆراکەی (شانۆ و پێرفۆرمانسی ریتوالی ) و هەروەها کتێبە گرنگەکەی لابۆری شانۆی لالش بەبەشداری هونەرمەند (شەماڵ عمر)، لە ژێر ناوی (لابۆری شانۆی لالش — شانۆیەک لە خۆڵەمێش و گۆرانی ) وەکو زنجیرە بلاوکراوەکانی لابۆرەکەیان بە هاریکاری دەزگا ڕۆشنبیریەکانی شاری ڤییەنا تا کۆتایی ساڵی ٢٠٠٧ بە زمانی ئەڵمانی بە چاپ دەگەن.

# نیگار حەسیب قەرەداغی:
# لابۆری لالش فۆرمێکی پێنیە بیسەپێنێتە سەر شانۆی کوردی

**سازدانی: سەرنوسەر**

***دەنگ لەلای ئێوە چ بایەخێکی هەیە؟ ئایا دەنگ وەك جەستە دەتوانێ زمانێکی سەربەخۆ بێت؟**

_ ئێمە لەو باوەڕەوە ئیش دەکەین کە دەنگ بەشێك نیە لە ، بەڵکو ئێمە خۆمان دەنگین، من چۆن ڕێگە بەخۆم ئەدەم گوزارشت لە کۆمەڵێ ووشە بکات، بەبێ ئەوەی من ووشەکان بڵێم دەنگم گوزارشت لەخۆشەویستی و ئازار دەکات، دەنگیش توانایەکی بێسنوری هەیە، بەلام لە کۆمەڵگای کوردەواری ئێمەدا نەك تەنها دەنگ، بەڵکو جەستەمان کوتکراوە، دەنگ و جەستەمان لەسەر حاڵەتێك ڕاهێنراوە کە کەبت بکرێت، کە سەربەستی لە دەربڕیندا نەبێت، ئێمە لە مەشق کردندا ڕێگا خۆش ئەکەین بۆ ئەکتەر کە سەربەستی تەواوی بدات بە جەستەی، کە گوزارشت لەو حالەتانەی بکات، بێئەوەی بگەڕێتەوە سەر ووشەیەکی تایبەتی، بێگومان ئەو گوزارشتەی لە دەنگیشدایە خۆی لە خۆیدا دەبێتە زمانێکی گەردوونی، ئەگەر بینەرێك لەزمانی کوردیش تێنەگات، دەنگ تێدەگات، لە دەلالەتی دەنگدا دەزانێ تۆ باسی چی دەکەیت، بێگومان کارکردنی خۆشم لەگەڵ دەنگ، هەر لە کاتی خوێندنم لە کۆلێژی هونەرە جوانەکان، تا ئەمڕۆکە تۆ لێرە قسەم لە گە ڵ دەکەیت، بە کۆ مە ڵێك قۆناغ تێپەڕیووە، هەوڵێکی زۆرم داوە کە کار لەگەڵ دەنگدا بکەم، وەك ئەمڕۆ لە مەشقەکماندا بینیت، کارمان لەتەك گۆرانی کۆنی کوردی کرد، ئەو جۆرە گۆرانیە یا لاوانەوە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە وە هەڵگری کۆمەڵێك دەلالەتە.

*** ئەو کاتانەی بەو شێوەیە بایەخ بەدەنگ دەدەن ئایا مەبەستانە بەرەو پەیوەندی نێوان ئەنترۆپۆلۆژیا و شانۆ بگەڕێنەوە بەمانا بالاندیەکەی "ئاماژەیە بۆ جۆرج بالاندی" کە ڕاڤەی میکانیزمی دەسەلاتی پێدەکات؟ یا ئێوە زیاتر مەبەستان لە ئەنترۆپۆلۆژیای شانۆیە؟**

_ بۆ نمونە لەسەر ئەوقسەیەی تۆ، ئێمە لەمەشقی دەنگدا دەگەڕێینەوە بۆ هۆرەی هەورامی، بۆچی هۆرەی هەورامی؟ چونکە تەکنیکێکی تایبەتە بە کورد، شتێکە کە هەڵگری مێژوویەکی دوورو درێژە، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ئەو سرووتانەی کە لە سەردەمی زەردەشتدا کراوە خواوەندەکانی ئاهورامەزدا، ئێمە دەگەڕێینەوە بۆ ئەو ڕەسەنە، هەوڵ ئەدەین بەهۆی ئەو تەکنیکەوە دەنگمان سەربەست بکەین، هەوڵ ئەدەین بەهۆی ئەو حالەتانەدا بڕۆین کە ئەمڕۆ ئەمانەوێت، لەبەر ئەوە ئێمە ناگەڕێینەوە سەر سۆڵفێج، ڕەنگە ئەوە حاڵەتێك بێت تۆ زیاتر بیدەی بە گۆرانیبێژێك کە تەعبیر لە گۆرانیەکەی بکات.

*** ئەو تێڕوانینە تازەیەی جەستە چیە لەلابۆری شانۆی لالش بۆ سەر ئەزمونەکانی تیپی شانۆی ئەزمونگەری کوردی هەشتاکان؟**

_ بەرهەمەکانی تیپی شانۆی ئەزمونگەری بناغەیەکی پتەو بوون بۆ ئەزمونەکانی ئەمڕۆ، "لەچاوەڕوانی سیامەند" بەجۆرەها شێوەی جیاواز جیاواز پێشکەش کرایەوە، کۆمەڵێ ڕەگەزی تر هاتە کایەوە کە ڕەنگە جیاوازتر بێت، وەك لەوەی ئەو وەختە، بەلام گرنگ لەوەدایە من لە سفرەوە دەستم پێنەکردووە، بەڵکو لە حاڵەتێکەوە دەستم پێکردووە، کە زیاتر گەشەی پێبدەم، بێگومان زۆر شتی ووردی تیا بوو، هەڵگری ناسنامەیەکی تایبەتمەند بوو، من لە دەنگدا لە جەستەمدا هەڵگری کولتورێکی دوورو درێژم، هەوڵ دەدەم ئەم کولتورە جارێکیتر چالاك بکەمەوە، هەر ئەوەشە وای لێکردووم بگەڕێمەوە سەر مەسەلەی ریتوال، سەر ئەفکاری ئەنترۆپۆلۆژی لە شانۆدا.



*** ئێوە لە کۆڕێکدا ئاماژەتان بە جیاکردنەوەی**

**ئەکرۆپاتیک لەکاری جەستەیی کرد، ئایا هەست ناکەن گۆڕانێك لە بۆچونەکانتان درووست بووە، بەتایبەت ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ نمایشی (مارا_صاد) کە ئەکرۆپاتیک لەپاڵ جەستە دەرکەوتبوو؟**

_ ئێمە لە (مارا_ صاد)دا هەوڵمان نەداوە ئەکرۆپاتیک زۆر بەکار بێنین، ڕەنگە لەچوار دیمەندا گوزارشت بێت لەو حالەتە، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا جەستە لە (مارا_صاد) دا یا لە بەرهەمەکانی تری تیپی ئەزمونگەری زیاتر کاریگەر بووە، ئێمە نەگەڕاوین حاڵەتێکی سەرسوڕ مانانە لەلای بینەر دروست بکەین، ئەگەر دروستیش بوو ئەوە بۆ ئەو حاڵەتە دەگەڕێتەوە کە تا ئەو کاتە جەستە بەو شێوەیە بەکار نەهاتووە، بۆیە تووشی سەر سوڕ مان بێت، ئەگینا زیاتر کاریگەر بووە لەوەی سەرسوڕهێنەر بێت، هەر لەبەر ئەوەشە کاری ئەکرۆپاتیک لە جەستە جیا دەکاتەوە.

*** ئایا سینەما و کاریگەری تەکنەلۆژیا توانای ڕاگەیاندنی کۆتایی شانۆیان هەیە؟** ئاخۆ لابۆری لالش لە داهاتوو دەتوانێ چەمکی کۆتایی بگۆڕێت بۆ چەمکی تارمایی شانۆ لەسەر سینەمادا؟

_ بۆمن هیچ شتێك لە کۆتاییدا نیە، نە شانۆ.. نە سینەما، بەلام قەیرانێك هەیە ڕەخنەیەك هەیە گرفتێك هەیە، گرنگیەکەشی لەوەدایە کەهەیە، گەر نەبێت واتە حاڵەتەکان گەیشتوون بەئەنجام، پێویستە هەموو شتێك نەگاتە بە ئەنجام بەتایبەت هونەر، کە تۆ گەیشتی بە ئەنجام ئەوەستیت، ئەکەویتە خۆ دووبارە کردنەوە و لاسایی کردنەوەی ئیشەکانی پێشوو، نا کە هەستت کرد ئەزمەیەك هەیە ئەو وەختە هەوڵی نوێتر ئەدەی ئەو وەختە جارێکیتر دەکەویەوە ئەزموون هەوڵی لابۆر ئەدەی لەبەر ئەوە لە هیچ حاڵەتێك نەتەکنەلۆژیا وادەکات شانۆ بوەستێ و نە سینەماو تەلەڤزیۆنیش شانۆ دەوەستێنن و نە شانۆی ئەزمونگەری یاخود لابۆری شانۆی لالش ئەبێتە حاڵەتێکی کۆتایی و بڵێی ئەمەتە دۆزیمەوە، نا گرنگ ئەوەیە ئێمە نەیدۆزینەوە.

*** یانی تۆ ئەبێ لەگەشتێکی بەردەوام بیت کە وێستگەیەك نەبێت بۆ کۆتایی؟**

_ هەڵبەتە، چونکە کە دۆزیتەوە ئەوەستی، بەلام کە تۆ هەستت کرد ڕەخنەیەك هەیە، واتە پرسیار درووست دەبێت، کە پرسیاریش هەبوو واتە وەلامی جیاواز درووست دەبێت.

*** ئەمڕۆ لەخۆرئاوا کۆمەڵێك گۆڕان بەسەر ئیشەکانی ئێوەدا هاتووە، بەوەی لەشانۆی ئەزمونگەریەوە بەرەو لابۆر هاتوون،**

**ئایا ئەوە موفارەقەیەك لەکارەکانتاندا دروست ناکات؟ بەواتای نەدەبوو ئێوە لە لابۆرەوە بەرەو ئەزمون بێن نەك بە پێچەوانەوە؟**

_ کاری ئێمە لە تیپی شانۆی ئەزمونگەری لە ئەساسدا گەڕان بوو بەدوای نوێکاری، ئەگەر چی ئەوە زیاتر لەڕووی دەرهێنانا بوو، بەلام زیاتر لە بواری کارکردن لەگەڵ ئەکتەردا بوو، ئێمە لەیەکەم ڕۆژی پرۆڤەکانمان دەقمان نەداوە بەدەست ئەکتەرەوە، بۆ نمونە ئێمە لە (غۆریللا) دا دەقێکی نووسراومان نەخستۆتە سەر شانۆ، بەڵکو ئەکتەرەکان پێکەوە لەسەر



بیرۆکەی ئەساسی غۆریللا ئیرتیجالمان کردووە، مەشهەدی جیاواز جیاوازمان کردووە، کۆمەڵێ ڕەگەزی شانۆیمان بەکار هێناوە هەر لە قوماش وجل وبەرگ تا ڕوناکی و بەشەکانیتر، هەوڵمانداوە بیرۆکەی ئەساسی غۆریللا لە ئیرتیجالدا بخەینە ڕوو، بێگومان ئەو کارەش قورس بووە، ئەوەش کارێکی لابۆری بووە، هەروەك ئەوەی ئێمە بەچەند قۆناغێکدا تێپەڕ بووین تابگەینە ئەوەی کارەکە پێبگات، شەماڵ عومەر وەك دەرهێنەرێك کاری زۆر زۆری لەناو دەقە نووسراوەکەش کردووە، داهێنانی تیا کردووە، دەقەکەی دەقا و دەق پێشکەش نەکردووە، تەنانەت ئەو دیکۆرەی درووست کراوە، ئەو حالەتە نەبووە کە لە دەقەکەدا هەبووە، هەوڵیداوە کۆمەڵێك حالەتی جەستەیی گوزارشت لە دەقەکەی غۆریللا بکات، کە ئەوەش خۆی لەخۆیدا بۆ ئێمە    لابۆرێك بووە، ڕەنگە ئێمە ئەوکات ناومان نەنابێت لابۆر، بەلام خۆی لە خۆیدا لابۆرێك بووە، لابۆریش کارێکی پشکنینی بەردەوامە بۆ ڕەگەزی تازە، هەر لەبەر ئەوە کارەکانی تیپی ئەزمونگەری بووە بە بناغەیەك بۆ ئەوەی لابۆرێك دابنێین، دیارە ئەمرۆ لەمیتۆدی کۆمەڵێ کەسانیتردا لەگەڵ کۆمەڵێ شانۆکاری ئەوروپیدا، ئێمە هەوڵ ئەدەین بگەینە میتۆدی تایبەت بە خۆمان، کۆمەڵێك مەشق خۆمان بە شوێنیدا گەڕاوین، ئەو مەشقانەش کۆتایی نین، بەڵکو کۆمەڵێك حالەتی تازەتر لە کارکردندا، هەر بۆیە ئەمرۆ کارکردنی لابۆری لالش لەبەر ئەوە نیە ئەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی لەگەڵ تیپی شانۆی ئەزمونگەری، نەخێر ئێمە گەیشتوینەتە حالەتێك، کە ئەگەر ئەو کاتە بایەخمان دابێ بە لایەنی ئەبستراکت و جوانکاری، ئەمرۆ ئەگەڕێینەوە سەر ریتوال، ریتوالیش بەدەر لە مانا باوەکەی، بەڵکو مەبەستمان بە ریتوالکردنی شانۆیە، ئەوەش مانای بەکارهێنانی کۆمەڵێك ڕەگەزە، بۆیە ئەو کارە بە ناکۆکی نابینین.

*** کەوابێت لابۆر ئێوە لە ئیستاتیکاوە بەرەو ریتوال دێنێت، تاچەند لەناو ریتوال ئیستاتیکا ئامادەبوونی هەیە؟**

ــ ئەمرۆ ئێمە لەلابۆری شانۆی لالش هەوڵ دەدەین بگەین بە شانۆیەکی هەژار، هەژار بەمانای هەموو ڕەگەزە شانۆیەکانیتر بخەین بەولاوە، متمانە بکەینە سەر ئەکتەر خۆی، بەکارهێنانی دەنگ و جەستەی ئەکتەر خۆی، دوور لە دەقی نووسراو، ئێمە لە لابۆری لالش نوێنەرایەتی فیگور ناکەین، واتە کارەکتەر ناخەینە سەر شانۆ، ئەکتەر خۆی فیگورە، ئێمە هەموو پێکەوە لەسەر بیرۆکەیەك ڕێك ئەکەوین،   کارەکەش ڕۆژانەیە ڕۆژی حەوت سەعات بۆ هەشت سەعاتە، ئەو زەمەنە درێژە وا لە ئەکتەرەکان دەکات بەدوای زۆر شتی تازەدا بگەڕێت، نەك فیگور بە ئاکام بگەیەنێت.

*** کەوابێت ئەو کارە لابۆریە تاچەند دەتوانێ هەوڵدان بێت بۆ دامەزراندنی فۆرم؟**

ــ ئەو فۆرمە شانۆیەی ئێمە تەنیا تایبەتە بە خۆمان، ڕەنگە کەسانێکیتر نەتوانن بەو شێوەیە بەکاری بێنن، بەڵکو نەتوانن سود لە بەکار هێنانی ئەو فۆرمە وەربگرن، واتە ئێمە فۆرمێك نیە بیسەپێنین بەسەر شانۆی کوردیدا، گرنگ ئەوەیە جیاوازی هەبێ لە کارەکاندا، بەلام ڕێگایەك هەیە ئەتوانین ئەو فۆرمە جیاوازانەی پێ بدۆزینەوە، ئەو کارەی ئێمەش یەکێکە لەو شێوە کارکردنەی کە فۆرمی جیاوازترمان پێیە.

*** با دواپرسیارمان لەبارەی ڕەخنەوە بێت، نەبوونی پرۆژەی ڕەخنەیی بەوەی گوتارێکی ڕەخنەیی لەپشت نمایشەکانەوە بێت نەبۆتە گرفتێك بۆ ئێوە؟**

ــ کەم تا زۆر هەبووە، بەلام ئەگەر زانیت نەشبوو، کەسی داهێنەر پێویستە خۆی بکەوێتە نووسینی، ئەوانەش وای لە ئێمە کردووە بۆ نموونە گۆڤاری لالش بە ئەڵمانی دەربکەین، دەبێ خۆت ببی بە خوێنەری کارەکانی خۆت، چونکە نەخوێندنەوەی شتەکان ڕەنگە لەوە هاتبێ تاچەند ئیستیعابی کردووە، تاچەند ئەو لەگەڵ مەساری کارکردنی تۆدا هاتووە، چونکە زەحمەتە کەسانێك کە لەگەڵ شانۆی تەقلیدی ئەڕۆن و شانۆی تەقلیدی